

Amanita virosa

### *Amanita virosa*

**(نەرویجی: Hvit fluesopp)**

قارچکەکە بەگشتی (سەرکڵاوە، لاسک، پەڕەکانی قارچک و گۆشتەکەی) سپییە. لەسەر لاسکەکەی ئاڵقەیەک هەیە، بەڵام لەوانەیە کەوتبێت. خوارەوەترین بەشی لاسک لەناو بەرگ (جانتا) ێک دایە. ئەم قارچەکە لە دارستاندا زۆرە.



Amanita phalloides

### *Amanita phalloides*

**(نەرویجی: Grønn fluesopp)**

لەوانەیە ڕەنگی ئەم سەرکڵاوەیە لە سەوزەوە بۆ قاوەیی بگۆڕدرێت. پەڕەکانی و لاسکەکەی سپین. خوارەوەترین بەشی لاسک لەناو بەرگ (جانتا) ێک دایە. ئەم قارچەکە کەمە.



Galerina marginata

### *Galerina marginata*

**(نەرویجی: Flat klokkehatt)**

سەرکڵاوە و پەڕەکانی قارچک قاوەییەکی زێرینە. ڕەنگی لاسک لە خۆڵەمێشییەوە بۆ قاوەیی لە گۆڕان دایە. ئەم قارچکە بچووکە و بەگشتی وەک کۆمەڵێک لەسەر پێست و بنکەدار گەشە دەکات. ئەم قارچکە زۆرە.

### ژەهراویبوون

تەنانەت گەر ڕێژەیەکی کەمیش لەم قارچکانە بخورێت، لەوانەیە ژەهراویبوونی توند ڕوو بدات. پاش لانیکەم 6 کاتژمێر، سکچوونی شل، ئازاری گەدە و ڕشانەوە ڕوو دەدات. لە 2 بۆ 3 ڕۆژدا مەترسی کوشندەی زیانی جەرگ هەیە. گەر هەست دەکەیت خواردووتە، بۆ بەدواداچوونی زیاتر و بۆ ڕاوێژکاری پەیوەندی بکە بە بنکەی زانیاری ژەهری نەرویج.



Cortinarius rubellus

### *Cortinarius rubellus*

**(نەرویجی: Spiss giftslørsopp)**

قارچکەکە بەگشتی (سەرکڵاوە، لاسک، پەڕەکانی قارچک و گۆشتەکەی) قاوەیی مەیلەو سوورە. لە دارستانەکاندا زۆرە. لە هەمان شوێندا گەشە دەکات کە قارچکی *Craterellus tubaeformis* لەوێدا هەیە.



Cortinarius orellanus

### *Cortinarius orellanus*

**(نەرویجی: Butt giftslørsopp)**

شێوەی سەرکڵاوەی کوشندە دەدات، بەڵام سەرکڵاوەکەی چەماوەتەوە. ئەم قارچکە کەمە و لە داستانی پڕ لە گەڵادا گەشە دەکات.



*Craterellus tubaeformis* و *Cortinarius rubellus*

### هەڵەی مەترسیدار

*Cortinarius rubellus* و

*Craterellus tubaeformis* ڕوواڵەتێکی جیاوازیان هەیە، بەڵام لە یەک شوێندا گەشە دەکەن، گەر تاک کاتی لێکردنەوەی قارچ وریا نەبێت و یەکە یەکەی ئەوان نەپشکنێت، لەوانەیە زۆر ئاسان نموونەی بچووکی *Cortinarius rubellus*ش لێکاتەوە.

### ژەهراویبوون

تەنانەت ڕێژەیەکی زۆر کەم لە *Cortinarius rubellus*یان *Cortinarius orellanus*ئەوەندەی ژەهر هەیە کە زیانی توند و مەترسیدار بگەیێنێت بە گورچیلە. پاش 36 کاتژمێر، نیشانەکانی ژەهراویبوون وەک ڕشانەوە، ئازاری گەدە، هەستی ناخۆشی گشتی و زیاد و کەمکردنی ڕێژەی میز دەردەکەوێت. لە 3 بۆ 6 ڕۆژدا مەترسی تووشبوون بە پەککەوتنی گورچیلەی توند هەیە. گەر هەست دەکەیت خواردووتە، بۆ بەدواداچوونی زیاتر و بۆ ڕاوێژکاری پەیوەندی بکە بە بنکەی زانیاری ژەهری نەرویج.

Norwegian Institute of Public Health

# قارچکی ژەهراوی لە نەرویج



ئەو قارچکانەی دەخورێن، ئەو قارچکەی ناخورێت و قارچکی ژەهراوی هەمووان لە دارستاندا گەشە دەکەن. هەندێک لە ژەهراویترین قارچەکەکانی نەرویج لەوانەیە لەگەڵ ئەو قارچکانەی دەخورێن تێک بچن. گەر هەست دەکەیت ژوهراوی بوویت، پەیوەندی بکە بە بنکەی زانیاری ژەهری نەرویج.

## ئامۆژگاری باش کاتی کۆکردنەوەی قارچک:

- تەنیا ئەو قارچکانە بخۆ کە 100% لێیان دڵنیایت
- هەرگیز قارچکێکی نەناسراو تاقی مەکەوە! تەنانەت لەوانەیە قارچکە ژەهراوییەکانیش تامیان خۆش بێت.
- بۆ قارچک زانیاری نوێ و بەرۆژ بەکار بێنە
- قارچکی کرمۆڵ یان گەنیو فڕێ بدە.

**بنکەی زانیاری ژەهری نەرویج**
تەلەفۆن: 00 13 59 22 (24 کاتژمێر)
**www.giftinfo.no**

ئەم ناميلكەيە لە لايەن بنكەی زانياری ژەهری نەرويج (www.giftinfo.no) ەوە ئامادە کراوە. دەکرێ ناميلكەی تەواو بە زمانی نەرويجی لە ماڵپەڕەکەدا دابەزێنيت. ئەنجومەنی قارچکناسی نەرويج (www.soppognyttevekster.no) كۆرسەكانی قارچک و پشكنينی قارچک بەڕێوە دەبات.





### *Amanita muscaria var. muscaria / var. regalis / pantherina*

**(نەرویجی: Rød/brun- og panterfluesopp)**

ئەم قارچکە پەرەکانی سپییە و لاسەکەی ئاڵقەی هەیە. ئەستونی لاسکەکو ئەستوورە. سەرکڵاوەکەی سوور یان قاوەییە و خاڵی سپی تێدایە.

#### ژەهراوییبوون

قارچکی ئامانیتا ژەهرێکی هەیە کە کاریگەری دادەنێت لەسەر سیستەمی دەمار. نیشانەکان لە ماوەی ½ بۆ 3 کاتژمێر پاش خواردن دەست پێدەکەن. خواردنی ڕێژەیەکی کەم لەم قارچکە دەبێتە هۆی وڕی، سەرەگێژە، گرژبوونی ماسوولکە و کێشەی گەدە. بەدەگمەن ژەهراوییبوونی توند ڕوو دەدات، بەڵام خواردنی ڕێژەی زۆری ئەو لەوانەیە ببێتە هۆی دەرکەوتنی هەندێک نیشانە کە ناچار بیت لە نەخۆشخانە چارەسەریت بۆ بکرێت.



### *Paxillus involutus*

**(نەرویجی: Pluggsopp)**

ئەم قارچکە سەرکڵاوەی قاوەیی هەیە و لێوارەکەی هەڵگەڕاوەتەوە بۆ ناوەوە، لاسکی قاوەییە و پەرەکانی کاتی گوشاردان ڕەش هەڵدەگەڕێن. *Paxillus involutus* زۆر زۆرە.

#### ژەهراوییبوون

*Paxillus involutus* چەند ژەهری جیاوازی هەیە و لەوانەیە نیشانەی جیاواز دەربخات. لەوانەیە ڕشانەوە، سکچوون و ئازاری گەدە ½ بۆ 3 کاتژمێر پاش خواردنی قارچکی نەکوڵاو ڕوو بدات. پاش خواردنی بەردەوامی *Paxillus involutus* ی گەرمکراوە، ژەهراوییبوونی توند ڕوو دەدات و زیان دەگەیێنێت بە خانەکانی خوێن و گورچیلە.



### *Leccinum versipelle*

**(نەرویجی: Rødskrubb)**

ئەم قارچکە سەرکڵاوەکەی زەردی کاڵە و زێدەی ڕەشی هەیە لەسەر لاسکی سپی. کاتێک گۆشتەکەی لەت لەت بکرێت، ڕەش هەڵدەگەڕێت. ئەم قارچکە لە هەموو وڵاتی نەرویجدا زۆرە.

#### ژەهراوییبوون

*Leccinum versipelle* دەخورێت بە مەرجێک لانیکەم 15 خولەک بکوڵێندرێت. گەر ئەم قارچکە بە ڕادەی پێویست نەکوڵێندرێت، لەو قارچکانەیە کە لە وڵاتی نەرویجدا ڕەنگە زۆرترین بابەتەکانی کێشەی گەدە بە هۆی ئەوەوە بێت. زۆرجار پاش خواردنی قارچک دڵ لەژێڵڵاهاتن، ڕشانەوە، سکچوون و ئازاری گەدە ڕوو دەدات. نیشانەکان لە 1-2 ڕۆژدا لەناو دەچن. گەر ڕێژەیەکی زۆر لەو بخورێت، لەوانەیە ئازاری گەدە زۆر توند بێت و خستن لە نەخۆشخانە پێویست بکات.

**وێنە: پەر مارستاد**